# شاعیری ڕاپەڕین : کۆنێ ڕەش

خەسرەو پیربال



شاعیری کورد کۆنێ ڕەش، ناوی ڕاستەقینەی خۆی : ( سلمان عوسمان) ە لە دایکبووی گوندی ( دۆدا) یە لە نێوان شاری ئامووده و قامشلۆ لە کوردستانی ڕۆژئاوادا، ئەو نووسەرەیە کە بە ( شاعیری ڕاپەڕنەوە) ناسراوە لە ( کوردستانی سوریا) وە هەروەها چالاکترین ڕۆشنبیری کوردە لەو پارچەیەی وڵات، دیارە ئەویش وەکوو هەموو ئەو نووسەرانەی تری ئەو پارچەیەی کوردستان، زیاتر خەریکی شیعرە، چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە، وتارو بابەتەکانی لە کوردستانی باشووردا زیاتر بە زمانی عەرەبی و کورمانجی بڵاودەکاتەوە، گەلێك لێکۆڵینەوەی لەسەر مێژووی ئەو بەشەو کەسایەتیە فەرهەنگیەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە

دیارە ئێستا لە شاری قامشلۆ دەژی، چالاکانە خەریکی نووسین و چالاکی فەرهەنگییە، لەگەڵ هەندێك لە نووسەرەو شاعیرانیکوردی تریش وەکوو کچە شاعیر بێوار ئیبراهیم .

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا ساڵی ١٩٩١، جموجوڵ و ڕەنگدانەوەی گۆڕانگاریەکان بەسەر ئەو بەشەی کوردستانی ڕۆژئاواش هەبوو لە بوواری فەرهەنگیدا، ئەمڕۆکە وورده وورده خەڵکی ڕۆشنبیر لەو شارە کوردیانەی سەر سنووری کوردستانی باشوور خەریکی سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیرین، وە شاعیر کۆنێ ڕەش یەکێکە لەو کەسایەتیە ڕۆشنبیرانەی کورد، کە زۆرترین خەڵك و نووسەرانی لەدەورەدا کۆبۆتەوە. .

کۆنێ ڕەش – زیاتر بەکورمانجی ( لاتینی) و عەرەبی دەنووسێت، لەوانەیە لەبەر ئەوەش بێت لە لایان هەندێك لە نووسەرانی کوردی پارچەکانی تر نەناسراوبێت، بەڵام شاعیرێکی بە هەڵوێستە و ناسراوە بە شاعیری ڕاپەڕین چوونکە هەر پاش ڕاپەڕینەکەی کوردستانی باشوور، بە نووسین و چالاکی پشتگیری خۆی بۆ ئەو ئەزموونەی کوردستاندا نیشان داوە و هەمیشە داکۆکی لێکردووە.

شیعرێکی کۆنێ ڕەش :

( من و دۆداو یادگاریەکان)

لە ناکاو، دۆدا– ساتە لەبیرکراوەکانی وەبیرهاتەوە

هەموو ئەو ڕۆژانەی بزربببوون و

لەناوخوێنیدا شاردبوویەوە

www.kurdistannet

دیسانەوە بۆ باوەشیان گەڕایەوە

دەیویست بیاندۆزێتەوە

دیسانەوە، لەو ڕۆژانەی ڕابردوو دەگەڕاو

خەیاڵی، تووڕ فڕێدایەوە ڕابردوو

ڕابردوویەکی کۆن

بەرەو لاپەڕەکۆنە زەردهەڵگەڕاوەکان

ئەو لاپەڕانەی چەندەها شتی کۆن و نوێی تێدایە

سەروسیمای خەڵکی گوندو

زیندوان و مردوانی ئاوایی

هەندێکیان، بە پێکەنین پێشوازی لێدەکردو

خەڵکانێکیش هەبوون، ماندوو و ڕووگرژ

باری خەمیان گەلێك قوورس بوو

*****

لەم کاتەدا

لە بیرکردنەوەیەکیدا، بزرببوو

بە بێدەنگی بیری دەکردەوە وەکوو هەیکەلێك، ڕەق وەستابوو !

وەکوو پیاوێکی بێ ڕووح

لەناکاوبوو، خەونەکان

ڕاپێچیان کردو دوور فڕەیان دا

تووڕ فڕە درایە ناو تەنیایی و

زاکیرەی تەنها ( دۆدا) ی تێداماوە

ئەو گوندەی هەر لە منداڵیەوە تێیدا ژیاوە

---

نا وانیە

خەون نەبوو

خەیاڵ نەبوو

لەگەڵ زاکیرەمدا بزربووم

یەکە یەکە، یادگاریەکانم دەدواندو دەمبینیەوە

یەکە یەکەی، ڕۆژەکانمان، مانگەکانمان، ساڵەکانمان دەبینیەوە

ئەو شاعیرە

www.kurdistannet.org
29-4-2003 12:50

له چركه‌یه‌كدا

له‌گه‌ڵ دۆدا و یادگاریه‌كان

بوونه تابلۆیه‌كی ڕه‌نگاوڕه‌نگی جوان و

ئه‌و شیعره‌ی لێ دروست بوو

كۆنێ ڕه‌ش – قامشلۆ

دۆدا: ناوی گوندێكه كه شاعیر تێیدا له‌دایك بووه، ده‌كه‌وێته سه‌ر سنووری توركیاو سوریاوه، نزیك شاری قامشلۆیه. .

وه‌رگێڕان و ئاماده‌كردنی : خه‌سرۆ پیربال –

سه‌رچاوه:

دیوانی كۆنێ ڕه‌ش : ماڵپه‌ڕی ئامووده :

بۆ په‌یوه‌ندی ڕاسته‌وخۆ به شاعیر:– قامشلۆ :

Koneresh@hotmail. com

كوردستان نێت www.kurdistannet.org